# هەوڵێکی سەرنەکەوتووی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و دوو قارەمان



شەممە 4.12.2010

دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

بەر لە بیست و نۆ ساڵی ڕێک، هەوڵی شکاندنی دەرگای ژوورەکانی زیندانی سێدارەی موسڵ درا، لەپێناوی ڕزگارکردنی ئەو قارەمانانەی کە فەرمانی لە سێدارە دانیان لەلایەن بەناو دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک دەرچوو بوو و لە چاوەڕوانی مەرگی لە ناکاویاندا بوون.
ئەوەی بە بیرم بێت و لە یادم مابێت لەنێوان (26.5.1981-1.11.1980)دا کە شەهیدان تەحسینی برام و جەمیل ئەحمەد مەحمودی ئامۆزازام لەنێوان (26.5.1981-29.10.1980)دا لەوێ مانەوە، بە بەردەوامی نزیکەی پەنجا تا حەفتا قارەمان و شۆڕشگێری ناونەترس لە ژووری سێدارەی موسڵ هەبوون، سەرەڕای ئەوەی کە مانگانە لەنێوان (5-20) تێکۆشەر لە سێدارە دەدران یاخود گوللەباران دەکران.
دوای نزیکەی چوار مانگ بەسەر تێپەڕبوونی دەستگیرکردنی شەهیدان جەمیل ئەحمەد مەحمود (دەرسیم) و تەحسین ڕەحمان فەرحان (داماو)، لە بەرەبەیانی ڕۆژی (1.11.1980)دا تەواوی ئەندامانی خێزان، بنەماڵە، خزم و کەسوکار، دۆست و هاوڕێیان، دراوسێ و خزمانی دیبەگە، خزمانی هەولێر و کەرکوک-مان بە چەندین ئۆتۆمۆبێلی یەک بەدوای یەکدا ڕێگای موسڵ-مان گرتەبەر. جاران ڕێگای موسڵ زۆر بە خێرایی دەبڕدراو دەگەیشتینە ناو شار، کەچی ئەو جارەیان ڕێگاکە بۆ ئێمەی دڵ پڕ لە خەم و پەژارە ببوە ڕێگای بێ کۆتایی و هات و نەهات. ئای چەند بە ئاستەنگ گەیشتینە شار، ئینجا زیندانی وابزانم دەواسە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکان ڕیزمان بەستابوو کە کاتەکە هەر نەدەڕۆیشت. ژنان، کچان گەنجان، منداڵەکان و پیاوانی بە تەمەن لە چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکاندا لە هەموو راستێکدا فرمێسکیان بۆ هاوسەر، باوک، برا، کوڕ، خزم و کەسوکاریان دەرشت. ئێمەی گەنجانی هەڵگری بیروباوەڕێکی کوردایەتی بەهۆی باوەڕی پتەومان کەمتر بەشێوەی ئەوانی پێشوو فرمێسکمان دەباراند. دوای کردنەوەی دەرگاکان و ناونووسکردنی یەکە بە یەکەمان بە راکردن بەرەو رووی خۆشەویستانمان، دەنگی هەلهەلەی کچان و ژنانی کورد لە هەموو لایەکدا بەرز بووەوە. دوای تێپەڕبوونی چەند سەد مەترێک بە ڕێڕەوێکی دوورو درێژی چەند سەد مەتری درێژ و نزیکەی چوار تا پێنج مەتر پان و نزیکەی هەشت تا دە مەتر بەرزی دیوارێکی کۆندا، گەیشتینە لای نزیکەی پەنجاو هەندێک لاوی کوردی ڕەنگ سپی شێر ئاسا کە بەبێ جیاوازی زۆربەی ژنان و کچان باوەشیان پیدا دەکردن و بەشێوەی باوک و براکانی خۆیان ماچیان دەکردن. ئەوانیش پڵینگ و شێر ئاسا هۆنراوە شۆڕشگێڕیەکانیان بە دەنگی بەرز بۆ ئەوانەی دەهاتنە سەردانیان دەخوێندەوە لەپێناوی بەرزکردنەوەی وورەیان و لەبیربردنەوەی خەم و پەژارەی دڵیان کە بەهۆی بڕیاری لە سێدارەدانی ئەوان کەوتوتە نێو دڵی بنەماڵە، خزم و ناسیاوانیان.
بەدرێژایی نزیکەی ئەو حەوت مانگەی کە ئەوان لە ژووری سێدارە بوون، هەر مانگەی دوو جار سەردانی ئەو زیندانەمان دەکرد، ئەو کارانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەم پێیان کرد، لە گشت سەردانێکدا لەلایەن کەسوکاری زیندانییەکان دووبارە و دەبارە دوبوونەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لە هەر سەردانێکی نوێدا هەواڵی لە سێدارەدانی پۆلێک قارەمان یان هاتنی چەند کوردپەروەرێکی نوێمان دەبیست بۆ ژووری سێدارە، کە دڵی هەموومانی دێنا ژان.
ئەوەی لە یادم مابێ بەدرێژایی ماوەی ئەو شەش مانگ و بیست و چوار ڕۆژەی کە سەردانی (زیندانی قەسابخانەکەی موسڵ)م کردبێت، ئەو قارەمان و تێکۆشەرانە لە ژوورەکانی مەرگ ئامێزی سێدارەی موسڵدا بوون: (نۆ پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بەناوەکانی حەسەن سوور ژاراوەیی، حوسێن عەبدوڵلا محەمەد، خدر حەمەسوور مستەفا پشدەری (خەڵکی دێی بادینی)، ڕەسوڵ سلێمان سەنگەسەری، محەمەد هەمزە قەجەر ژاراوەیی، مەحمود حاجی محەمەد عەبدوڵلا پاچکاری، فەقێ عەبدوڵلا فەقێ، عەبدوڵلا هەمزە بێشیری و عەلی حەمەدئەمین خرویلکە - سوڵتانەدێ)، کە لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی (دووگۆمان)ی پشدەر لەلایەن جاشەکانی عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی ژمارە (9)وە گیرابوون و دواتر لە

ڕێکەوتی (30.12.1980)دا بەیەکەوە لە سێدارە دران. دوو پێشمەرگەی کۆڵنەدەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوەکانی ئیبراهیم شێخ مەحمود محەمەدی باخ ناسراو بە (دکتۆر ڕێباز) کە برای شەهید شەماڵی باخ و کادیری کۆمەڵە بوو لەگەڵ پێشمەرگە جەلال محەمەد بە برینداری لە ڕێکەوتی (21.2.1980)دا لە شەڕێکدا لە گوندی کڵێسەی سەربە شارۆچکەی کۆیە لەلایەن جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخباراتی سەربە مەنزومەی شیمالی دەستگیرکرابوون، لە شەوی (12.1.1981)دا لە ژووری قەسابخانەی شاری موسڵی کوردان لە سێدارەدران. جەمیل ئەحمەد مەحمود دیبەگەیی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) و تەحسین ڕەحمان فەرحان حەوێز دیبەگەیی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، کە لە ڕێکەوتی (12.7.1980)دا لەلایەن ئەمنی بەلدەی هەولێرەوە دەستگیرکران و لە ڕێکەوتی (29.10.1980)دا فەرمانی لە سێدارەدانیان لە هەیئە خاسەی کەرکوک بۆ دەرچوو، دواتر جەمیل ئەحمەد مەحمود لە شەوی (21.5.1981)دا لەگەڵ جەمال قادر جوامێر ماوەتی (کۆمەڵە) و عەلی محەمەد ئەمین نەسروڵلا سەید سادقی (کۆمەڵە) لە سێدارە دران، پاشان لە بەرەبەیانی ڕۆژی (26.5.1981)دا تەحسین ڕەحمان فەرحان بە کۆد یان ژمارەی (11549)، کە هەر کەسێکی لە سێدارەدراو کۆدێک یان ژمارەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە، لەگەڵ هەریەک لە جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی (کۆمەڵە) و سلێمان عەبدوڵلا سوسێ گوللەباران کران. هەروەها عومەر میرزا خەڵکی سلێمانی و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لە شەڕێکدا بە برینداری بەدیل گیرابوو، دواتر لە شەوی (27.5.1981)دا لەگەڵ هەریەک لە تاهیر عەبدوڵلا خەڵکی زاخۆ، دارا حەمید خەڵکی کفری، عەلائەدین تۆفیق خەڵکی کفری و مەجید عیسا خەڵکی زاخۆ لە سێدارەدران. پێشمەرگەیەکی عارەبی حزبی شیوعی ئێراقی بەناوی ڕەحیم عوەید لام وایە لە مانگی چواری هەمان ساڵ بوو لەگەڵ چەند کەسێکی تر لە سێدارەدران. کەسێکی تر کە دواتر لە دانیمارک وەکو وەرگێڕ کاری دەکرد بەناوی سەردار محەمەد ئەمین موراد کەرکوکی سەربە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کە لە ڕێکەوتی (22.10.1980)دا گیرابوو، لە ڕێکەوتی (18.12.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی دەرچوو بوو، بەڵام خۆشبەختانە لە ڕێکەوتی (26.1.1981)دا لەگەڵ پازدە کەسی تر لە نێویاندا محەمەد حەسەن خورشید کە ئێستاکە لە فنلەندا دەژیت (خوشکەزای ئەبو شەهاب (ئیحسان کەرکوکی) ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە)، لەگەڵ حەمە عەلی سەرشەقام ناسراو بە (حەمە عەلی قەڵەو)، عەلی پۆلیس هەولێری و چەند کەسێکی تر سزاکەیان بۆ گۆڕدرا بە زیندانیکردنی هەتا هەتایە و ڕەوانەی زیندانی سزا تایبەتییەکان (الأحکام الخاصة)ی ئەبوغرێب کران، ئەوەبوو سەردار محەمەد لەگەڵ ئەوانەی تریش لە ڕێکەوتی (25.7.1982)دا بەر لێبووردنی (17.7.1982) کەوت و ئازادکران. هەروەها ئەو کۆمەڵە کۆڵنەدەر و تێکۆشەرەش دواتر بە مێژووی جیاجیا لە سێدارەدران یان گوللەباران کران: ئەکرەمی حەپسە، ئەکرەم عەلی، ئەمین حوسێن، ئیحسان محەمەد ساڵح، بارزان عومەر عەلی، بەکر خۆشناو، جەبار ئەحمەد، خدر بادینی، خورشید بادینی، ڕەحیم هەولێری، ساڵح بادینی، شێرکۆ کەرکوکی (ئەو هاوڕێیە لەگەڵ محەمەد حەسەن خورشید بەیەک ڕۆژ و لەسەر یەک کێشەش گیرابوون، بەڵام دوای دابەزینی سزای محەمەد حەسەن هاوڕێ شێرکۆ بەداخەوە لە سێدارەدرا)، گەنجێکی گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر بەناوی شێرو جومناستیک کە چەند مانگێک بوو چووبووە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک هاتبووە ناو شارو گیرابوو، عەلی ژاراوەیی، مەلا شەوقی و یونس خۆشناو).

سەردار محەمەدئەمین موراد کەرکوکی، دوای ئەوەی فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرچوو، باوکی ناوبراو دەستبەجێ دەچێتە لای ئەنوەر بەگی بێتواتە و نەوزادی کوڕی ئەنوەر بەگ بۆئەوەی هەوڵێکی بۆ بدەن و بەڵکو کوڕەکەی لە مردن ڕزگار بکەن، ئەوانیش داوای ئەو کارگەی سەهۆڵی شارۆچکەی سەروچاوەی لێدەکەن کە هی باوکی سەردار بوو، لە بری ڕزگارکردنی کوڕەکەی. مام محەمەدئەمین موراد کەرکوکی بەڵێنی ئەوە دەدات ئەگەر نەوزاد و ئەنوەر بەگ کوڕەکەی لە مردن ڕزگار بکەن، کارگەی سەهۆڵەکە پێشکەش بەوان دەکات. ئەوەبوو کەمتر لە مانگێک بە هەوڵی نەوزاد و ئەنوەر بەگی بێتواتە، سەردار محەمەدئەمین موراد سزاکەی بۆ کرا بە زیندانی هەتا هەتایە و، باوکی سەردار کارگەی سەهۆڵەکەی بەناوی ئەنوەر بەگ و نەوزادی کوڕی کرد.

ئەو قارەمانانەی کاتی جێبەجێکردنی پلانەکە لە ژووری سێدارەبوون ژمارەیان (42) کەس بوو، ئەوەی بێتەوە یادم مانگی سێ یان چواری ساڵی (1981) بوو هەریەک لە تەحسینی برام و جەمیلی ئامۆزام پێیان ڕاگەیاندم کە نەخشەو پلانی شکاندنی زیندان و ڕاکردنیان بە دەستەوەیە بەهۆی دوو برای کوردی ئێزیدییەوە. لەبەئەوەی ژمارەیەک کوردی ئێزیدی وەکو پۆلیس و پاسەوانی زیندان لەوێ کاریان دەکرد، سەرەتا نەمدەزانی کێن ئەوانەی کە دەیانەوێت یارمەتی زیندانییەکان بدەن بۆ دەرباز بوونیان. بەڵام دوای ماوەیەک زانیم کە هەریەک لە جووتە برا مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بوون، کە هاوکار و یارمەتیدەری زیندانییەکان بوون بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەیان. بەگوێرەی قسەی شەهیدان، هەریەک لە مەردان و فازڵ چەند مشارێکی ئاسن بڕینیان بۆ بردبوونە ژوورەوە و زیندانییەکان لەکاتی ئێشکگری ئەو دوو برایەدا شەوانە شیشی دەرگاکانیان دەبڕیەوە و دواتر بە سابونی ڕەقی شوێنە بڕاوەکانیان دادەپۆشی بۆئەوەی شوێنی بڕینەوەکە دیار نەبێت و کەس هەستی پێ نەکات.

کاتێک کە براکەم و ئامۆزاکەم لە سێدارەدران هێشتاکە تەواوی شیشی دەرگاکان نەبڕدرابوونەوە، هەروەها ڕێوشوێنی پێویست بە تەواوی ئامادە نەکرابوو بۆ هەوڵی شکاندنی زیندانەکە و ڕاکردنی زیندانییەکان. بەر لە سێدارەدانی براکەم کوڕە پورێکم بەناوی (ئەنوەر قادر عەلی تورەقی) کە سەربە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو لە ڕێکەوتی (29.4.1981)دا لەگەڵ ئەوانەی بێتەوە یادم (کاکل ئەحمەد مەعروف (کاکلە ڕەش)، دکتۆر بەدر ڕەزا، فازڵ مەلا سابیر، مەلا محەمەد تورەقی، نامیق تورەقی، سدیق عوسمان مەولود تورەقی و چەند کەسێکی تر گیران) و ڕەوانەی هەیئە خاسەی کەرکوک کرابوون.

ئەوان (شەهیدان تەحسین و جەمیل) پێشتر بە بەندەیان گوتبوو کە ئاگاداری خۆم بم و نەکەومە بەردەست دوای شکاندنی زیندان و ڕاکردنیان، هەروەها باسی ئەوەیان کردبوو کە لە شەوانی پێنجشەممە یان هەینیدا هەوڵەکە جێبەجێ دەکەن کە زۆرێک لە ئەفسەر و پاسەوانەکان دەچنەوەو ژمارەی پاسەوانەکان لە دوو ڕۆژەدا لە ڕۆژانی تر کەمترن. هەر بۆیە تا ماوەیەک لەو دوو شەوەدا نەدەگەڕامەوە ماڵێ. ئەوەبوو دواتر شەوی پێنجشەممە لە ڕێکەوتی (4.6.1981)دا زیندانییەکانی ژووری سێدارەی موسڵ بە هاوکاری هەریەک لە مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵی برای نەخشەی شکاندنی زیندانەکەیان خستە واری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام بەداخەوە نەخشەکە شکستی هێناو زیندانییەکان هەر هەموویان لەناو حەوشی زیندانەکە گیرانەوە و لە چەند شەوێکدا یەک لە دوای یەک هەموویان لە سێدارەدران. هەروەها هەریەک لە نوری خدر ئەحمەد بەقاڵ دیبەگەیی سەربە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە کۆدی ژمارە (10848) و قارەمان عەلی محەمەد سەبیح دیبەگەیی ناسراو بە قارەمان عەلی شۆڕ پێشمەرگەی تێکۆشەر و گیان لەسەر دەستی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، کە یەکێک بوو لە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ، بەڵام بەداخەوە لە مانگی تەمووزی ساڵی (1981)دا لە شەڕێکدا لە گوندی بەردەسپی بە برینداری لەلایەن کۆپتەرەکانی ڕژێمی فاشی و ڕەگەزپەرستی بەعسی عارەبی بەدیل گیراو، دوای مانەوەی نزیکەی دوو مانگێک لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرچوو، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (1.12.1981)دا بەیەکەوە لەگەڵ نوری خدر دیبەگەیی لە سێدارەدران.

دوای شکستهێنانی نەخشە و پلانی شکاندنی زیندانی ژووری سێدارەی موسڵ و گرتنەوەی زیندانییەکان، مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بەجووتە قۆڵبەست کران و ڕەوانەی گرتووخانەی هەیئە خاسەی کەرکوک کران. بەگوێرەی قسەکانی ئەنوەر قادر عەلی پورزام، مەردان و فازڵ چەند ڕۆژێکی کەم دوای شکستهێنانی هەوڵەکە، دەگەیەنرێنە هەیئە خاسەو ڕووبەڕووی سەختترین و دڕندانەترین ئازار و ئەشکەنجەی فاشییەکان دەبنەوە بۆئەوەی دان بە تەواوی پلانی شکاندنی زیندانەکە بنێن.

ئەنوەری پورزام بە پەرۆشەوە هەواڵی تەحسینی برام و جەمیلی ئامۆزازام لە مەردان و فازڵ دەپرسێت، ئەوانیش پێی ڕادەگەیەنن کە بەر لە نزیکەی مانگێک هەردووکیان لەگەڵ چەند قارەمانێکی تر لە سێدارەدراون. هەر بەگوێرەی قسەکانی ئەنوەری پورزام کە مەردان و فازڵ بۆیان باسکردبوو، هەردووکیان پێشتر سوێندیان بۆ یەکتر خواردبوو ئەگەر بێتوو نەخشەکەیان سەرنەکەوێت، خۆڕاگربن و باسی هیچ شتێک نەکەن بۆ فاشییەکان. بەڵام کاتێک کە مەردانی

قارەمان دەگاتە ئەو باوەڕەی کە هەردووکیان لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا دەکوژن یان گوللەبارانیان دەکەن، بۆیە بڕیار دەدات تاواناکە بخاتە ئەستۆی خۆی تاوەکو بەلای کەمەوە یەکێکیان رزگاری بێت. ئەوەبوو مەردانی مەرد و قارەمان هەموو تۆمەتەکەی خستە ئەستۆی خۆی و فازڵی برا بچووکی بێئاگا لەو نەخشە و پلانە نیشاندا. بەڵام جەللادەکان پێیان باوەڕ نەکرد و درێژەیاندا بە بەکارهێنانی چەندین شێوازی تری جیاجیای ئەشکەنجەدانی فازڵ، وەلێ ئەو لە زۆر لە ئازار و ئەشکەنجەکانی داگیرکەرەکان بەهێزتر بوو و توانی دان بەخۆیدا بگرێت و رووبەڕووی تەواوی ئازار و ئەشکەنجەکانی بەعسییە رەگەزپەرستەکان ببێتەوە. جەللادەکان کاتێک کە زانیان هیچ شێوازێکی ئەشکەنجەدان دادیان نادات لەبەرامبەر فازڵی پڵێنگ ئاسادا، بۆیە لە رێکەوتی (22.2.1982)دا هەردوو برا رەوانەی بەناو دادگای هەیئە خاسەی کەرکوک کران و مەردانی مەرد و تێکۆشەر بڕیاری گوللەباران کردن و فازڵی قارەمان و خۆڕاگریش سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، بەڵام بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دوای کەمتر لە سێ هەفتە و لە رێکەوتی (13.3.1982)دا کاکە مەردانی کوردپەروەر و دڵسۆزی کوردستان فەرمانی مەرگی بەسەردا جێبەجێکراو گەیشتە کاروانە هەمیشە سەربەرزەکەی شەهیدانی بزووتنەوەی رێگای رزگاری کورد و کوردستان. فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس لە دوای (22.2.1982)دا بە جەستەیەکی نیمچە ئیفلیج و شێواو رەوانەی زیندانی سزا تایبەتییەکان (ألأحكام الخاصة)ی ئەبوغرێب لە بەغدا کراو، هەر لێبووردنێکی گشتی دەردەچوو ئەوی نەدەگرتەوە تاوەکو لە رێکەوتی (28.4.1986)دا لێبووردن گرتییەوەو ئازادکرا.

ئەوەی جێگەی داخەو هانی دام کە تا رادەیەکی زۆریش بەدرەنگەوە ئەو یادە نهێنییە بۆ یەکەم جار ئاشکرا بکەم ئەوەیە کە مانگی دووی ساڵی (2010)، برادەرێکی ئەنوەر قادر عەلی پوورزام بە رێکەوت کاتێک کە لە بەغدا دەبێت لەپێناوی جێبەجێکردنی کارەکانی خۆی و ئەنوەری پوورزامدا بۆئەوەی ئەوانیش وەکو هەر زیندانییەکی سیاسی سەردەمی رژێمی سەدام پشتگیرییان بدەنێ تاوەکو موچەیەکی مانگانەیان وەکو ئەو زیندانییانەی تر کە ئەو مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە بۆ ببڕنەوە، چاوی بە فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس دەکەوێت و یەکتر دەناسنەوە. دوای گفتوگۆکردنی نێوان هەردوو هاوڕێی زیندان، فازڵ یوسف بۆ هاوڕێکەی ئەنوەری پوورزام باسی ئەوە دەکات کە لە (مؤسسة السجناء السياسيين) لە بەغدا پێیان گووتووە: (ئێمە ناتوانین پشتگیری ئەوەت بدەینێ کە تۆ زیندانییەکی سیاسی بوویت، چونکە تۆ لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گیراوی).ئەوەبوو لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششێکی زۆری هاوڕێ و برای بەڕێزم عەزیز شەمۆ ئەلیاس توانیم فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بدۆزمەوەو قسەی لەگەڵ بکەم، کاتێک کە باسی ئەو هەوڵەی شکاندنی زیندانەم بۆ کرد، دڵی زۆر خۆش بوو بەوەی کە کەسێک لە ژیاندا ماوەو ئاگاداری ئەو نەخشە و پلانەی ئەوان بووە. بەڵام باسی ئەوەشی کرد کە تاوەکو ئێستاکە هیچیان بۆ نەکردووە و تەنانەت مووچەیەکی مانگانەشی نە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها نە لەلایەن حکومەتی ئێراق بۆ دابین نەکراوە.

سەرەتا دەپرسم، ئایا وەڵامێکی لەو جۆرەی کاربەدەستانی دەزگای زیندانیانی سیاسی بەغدا بۆ فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس، بەکەم سەیرکردنی پرسی کورد و بە چاوێکی نزم سەیرکردنی خەباتی سیاسی کورد و تاکی کورد نییە؟ ئەگینا هاوکاریکردن و یارمەتیدانی هەوڵی شکاندنی زیندان و بەتایبەت ژووری سێدارە کە پڕ بێت لە کوردی سزادراو بە تۆمەتی سیاسی و سزای خنکاندن، لەلایەن دوو کوردی قارەمان و چاونەترسی وەکو مەردان یوسف شێخ ئەلیاس و فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس بۆ رزگارکردنی چل و دوو کوردی سزادراو بە سزای مەرگ بۆ دەبێت پرسێکی سیاسی نەبێت و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بێت؟ ئایا ئەو وەڵامەی دەزگای زیندانیانی سیاسی بەغدا سووکایەتیکردن نییە بە هەموو کورد و پیرۆزییەکانی کورد، کە رۆژانە دەیان سووکایەتی تر و بەشێوەی جیاواز لەلایەن رەگەزپەرستانی عارەبی ئێراقی لە حکومەتی نوری مالیکیدا بە کورد و سەروەرییەکانی کورد دەکرێت؟

ئینجا لە کۆتاییدا دواکارم لە یەکێک لەوانە مام جەلال سەرۆک کۆماری ئێراق و سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کاک کۆسرەت رەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یان دکتۆر بەرهەم ساڵح ئەحمەد سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دەفرەتێکی گونجاودا بنێرن بەدوای برای کوردی

ئێزیدی (فازڵ یوسف شێخ ئەلیاس)دا، بۆئەوەی هەم وەکو قارەمانێک پێشوازی لێبکەن و هەم پاداشتی خۆی و بنەماڵەی مەردانی برای بکەن و مووچەیەکی مانگانە بۆ هەردووکیان ببڕنەوە!



شەهید تەحسین رەحمان فەرحان

(داماو)



شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمود

(دەرسیم)

**تێبینی: ئە ووتارەم لە رۆژی یەکشەممە رێکەوتی (28.11.2010)دا تەواوکردو بۆ رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)م نارد، بەڵام داوام کردبوو بەبێ ئاگاداری خۆم تەنیا یەک ووشەش لانەدەن، کەچی بەداخەوە نە بڵاویان کردەوە نە هۆکاری بڵاوکردنەوەیان بۆ نووسیم.**